شاخوان عبدوڵا: پشتیوانی لە گەلی فەڵەستین دەکەین بە دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان



ئەمڕۆ چوارشەممە، جەنگری سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران شاخوان عەبدوڵا، پشتگیری و پشتیوانی بە گەلی فەڵەستین و دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان لەسەر خاکەکەیان دووپاتکردەوە. نوسینگەی ڕاگەیاندنی جەنگری سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ گەلی فەڵەستین کە دەکەوێتە ٢٩ی ئەم مانگە، شاخوان عەبدوڵا داوای لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و هەموو ڕەکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان کرد کە لەگەڵ فەڵەستینییەکان بوەستن و ڕەگری لە تاوانکاری بەرامبەریان بکەن. بەگوێرەی ئەو بەیاننامەیە، عەبدوڵا ڕایگەیاندووە: ئێمە پشتگیری و پشتیوانی خەمان دووپاتدەکەینەوە بە گەلی فەڵەستین و دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان لەسەر خاکی خۆیان، هەروەها بە ڕاگرتنی تاوان و هێرشەکانی زایۆنیەکان بە سەر گەلەکەمان لە کەرتی غەززە، و پێویستی گەیاندنی هاوکاری مرۆیی و خێراکی بەپێلە بە کەمکردنەوەی ئازارەکانی ڕۆژانەیان و ئەو زیان و وێرانکارییەی کە بەسەریاندا هاتووە.